# ئایا کۆمەڵ و جەماعەتە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە لە حەفتاو سێ کۆمەڵەکەن

[ كردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ موحەمەد صاڵح المنجد


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# هل الجماعات الإسلامية المعاصرة من الثلاث وسبعين فرقة؟

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئایا کۆمەڵ و جەماعەتە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە لە حەفتاو سێ کۆمەڵەکەن

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخ عبد العزیز بن باز ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کرا :

**پرسیار** : هەندێك کەس کە لەگۆڕەپانی بانگەوازدا کار دەکەن دەڵێن ئەو حەفتاو سێ دەستە و تاقمەی کە لەفەرموودەکەی حوذیفەدا هاتووە و پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرمانی کردووە کە وازیان لێ بهێنن و لێیان دوور بکەونەوە، مەبەست لێیان جەماعەتی سەلەفیەکان و ئیخوان و تەبلیغە، ئایا ڕای بەرێزتان لەم بارەیەوە چیە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لە سەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

لەم بارەیەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە : عن حذیفة بن یمان ( رضي الله عنه ) قال : یا رسول الله كنا في جاهلية وشر ، فجاءنا الله بهذا الخير ، فهل بعد هذا الخير من شر ؟ قال النبي صلى الله عليه وسلم : ( نعم ) ، قال

حذيفة : فهل بعد هذا الشر من خير ؟ قال : ( نعم وفيه دخن ) قلت : وما دخنه ؟ قال : ( قوم يهدون بغير هديي ويستنو ن بغير سنتي تعرف منهم وتنكر ، قال حذيفة : يا رسول الله فهل بعد هذا الخير من شر ؟ قال : ( نعم ، دعاة على أبواب جهنم من أجابهم إليها قذفوه فيها ) قلت : يا رسول الله صفهم لنا ؟ قال : ( هم من جلدتنا ، ويتكلمون بألسنتنا ) يعني : من العرب . قلت : يا رسول الله فما تأمرنا عند ذلك ؟ قال : ( تلزم جماعة المسلمين وإمامهم ) قلت : فإن لم يكن لهم جماعة ولا إمام ؟ قال : ( فاعتزل تلك الفرق كلها ، ولو أن تعض على أصل شجرة حتى يدركك الموت وأنت على ذلك ) [ رواه البخاري ومسلم ] .

واتا : حوذەیفەی کوڕی یەمان ( خوای لێ ڕازی بێت ) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و پێی ووت : ئەی پێغە مبەری خوا ئێمە لەناو نە فامی و شە ڕ و خراپە دا بووین، پاشان خوای گە ورە ئەم خێر وبێرە ی ئیسلامی بۆ ناردین، ئایا دوای ئە م خێر وبێرە جارێکی تر شە ڕ و خراپە دێت؟ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : بەڵێ، حوذە یفە لێی پرسیە وە و ووتی : ئایا دوای ئە م خێر وبێرە جارێکی تر شەڕ و خراپە دێتەوە؟ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەوە : بەڵێ و ناڕوونی و چەواشەکاریەکیشی لە گەڵدایە، حوذە یفە پرسیەوە و ووتی :

ناڕوونی و چه واشه‌کاریه‌که‌ی چیه ؟ پێغه‌مبه‌ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فه‌رمووی : کۆمه‌ڵێك كه‌س به غه‌یری ڕێگا وڕێبازی مندا ده‌ ڕۆن، وه ده‌ست ده‌گرن به سونه‌تێکه‌وه غه‌یری سوننه‌ت و رێگاکه ی من، ده یان ناسیت و کۆمه لێکیشیان نه‌ناسراوون، ئه‌مجا حوذه‌یفه پرسیه‌وه و ووتی : : ئایا دوای ئه‌م خێر وبێره جارێکی تر شه‌ ڕ و خراپه دێته‌وه؟ پێغه‌مبه‌ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فه‌رموویه‌وه : به‌ڵێ، بانگخوازانێکن له‌سه‌ر ده‌رگاکانی ئاگری دۆزه‌ خن، هه‌رکه‌سێك وه‌ڵامیان بداته وه وشوێنیان بکه‌وێت ئه وا ده که‌وێته ناو ئاگره‌وه، ، ئه‌مجا حوذه‌یفه ووتی : ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا وه‌صفی ئه‌و كه‌سانه‌مان بۆ بکه ، پێغه‌مبه‌ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فه‌رمووی : ئه‌وانه له‌خۆمانن و به زمانی خۆشمان قسه ده‌که‌ن، ( واتا : له عه‌ره‌بن ) پاشان ووتم ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا له‌و کاته‌دا به‌چی شتێك فه‌رمانمان پێ ده‌که‌یت ؟ پێغه‌مبه‌ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فه‌رمووی : پابه‌ند بن به کۆمه‌ڵی موسڵمانان و پێشه واکه‌یانه‌وه، حوذه‌یفه ده‌ڵێت : ووتم : ئه‌ی ئه‌گه‌ر موسڵمانان کۆمه‌ڵ و پێشه‌وایان نه‌بوو ؟ پێغه‌مبه‌ری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فه‌رمووی : ده‌ی ئه‌و کاته واز بهێنه له سه‌رجه‌م ئه‌و فیره ق وکۆمه‌ڵانه‌ی که خه‌لکی گومڕا ده که‌ن، ئه‌گه‌ر قه‌پیشت کردبێت به ڕه‌گ و بنجی دره‌ختێکیشدا، تا ئه‌و کاته‌ی مردن یه قه‌ت پێ ده گرێت و تۆیش له سه‌ر ئه‌و کاره‌ی خۆت بیت .

ئەم فە رموودە پیرۆزە ئەوەمان بۆ ڕوون دە کاتەوە کە واجبە لەسەر موسڵمان کە پابەندی کۆمە ڵی موسڵمانان بێت لە هەر جێگا و شوێنێك بن، ولێیان دوور نە کەوێتەوە و هاوکار و هاریکاریان بێت، جا ئە گەر ئە و کۆمە ڵ و جماعە تە لە دوورگەی عە رەبی بێت، یاخود لە میصر یان لە شام یان لە عێراق یان لە ئەمریکا یان لە ئەوروپا، یان لە هەرجێگایەکی ئەم سەرزەویە بێت .

هەرکاتێك هە ر موسڵمانێك کۆمە ڵێکی بە دی کرد کە بانگەواز بو هە ق دە کەن، ئە وە با یارمە تیان بدات و لەگەڵیان بێت، و هانیان بدات لە سەر کاری خێر، وە لەسەر هە ق و چاوڕۆشنی دڵیان دابمە زرێنێت، ئە گەر هاتوو هیچ کۆمە ڵیکی بە دی نە کرد لەو کۆمە ڵە ئیسلامیانە، ئە وە دەبێت ئە و کە سە خۆی دە ست بەهەقەوە بگرێت، بێگومان ئە گەر تە نها خۆیشی بێت ئەوە بەکۆمەڵی موسڵمانان دادە نرێت، وە ك عە بدوڵای کوڕی مە سعود ( ڕەزای خوای لێ بێت ) بە عەمری کوڕی مەیمونی ووت : « الجماعة ما وافق الحق ، وإن كنت وحد ك » واتا : لئۆمەڵی موسڵمان ئە وەیە کە پابەندی هە ق وڕاستی بێت وکارەکانی هاوتای شە ریعەت بێت، ئە گەر بە تەنها خۆیشت بیت .

بۆیە پێویستە لەسەر تاکی موسڵمان کە هەمیشە بەدوای هەق وڕاستیدا بگەڕێت، ئەگەر هاتوو ناوەندێکی ئیسلامی بەدی کرد و بانگەوازیان بۆ هەق وڕاستی دەکرد، یان هەر کۆمەڵیکی تری ئیسلامی لە هەر جێگایەك شك برد کە بانگەواز بۆ هە ق و ڕاستی دەکەن ( واتا بانگەوازی خەڵکی دەکەن بۆلای قورئان وسوننەتی پێغە مبەری خوا - صلی الله علیه وسلم - و بیروباوەڕی پاکودروست ) جا لە ئەوروپا بێت، یان لە ئەفریقا یان لەهەر جێگایەکی تر، با لە گەڵیان بێت و پابە ندی هەق وڕاستی بێت وئارام بگرێت لە سەر ناڕەحەتی و ناخۆشیەکانی، لەگەڵ کەسانی خۆیدا .

ئا ئەوە واجبی تاکی موسڵمانە، جا خۆ ئە گەر هیچ کە س و دەوڵەت و کۆمەڵێکی ئیسلامی بەدی نەکرد کە بانگەواز بۆ لای قورئان وسوننەت وبیروباوە ڕی ڕاست وردوست بکات، ئە وا با ئەو کەسە خۆ بۆ خۆی پابەندی هەق وڕاستی و تە عالیمەکانی قورئان وسوننەت بێت، وئیستقامە ی هەبێت لەسەری، ئەوە بۆ خۆی جەماعەت و کۆمە ڵی موسڵمانانە ئەگەر چی بە تەنهاش بێت، وەك عەبدولای کوڕی مە سعود ئامۆژگاری عە مری کوڕی مەیمونی پێکرد ( خوای گەورە لەهەردوکیان ڕازی بێت ) .

لەم سە ردەمەی خۆشماندا سوپاس بۆ خوای گە ورە کۆمەڵ و جەماعاتی ئیسلامی زۆرن کە بانگەواز بۆ هەق وڕاستی دەکەن، هەر چۆن لە دوورگەی عەرەبیدا دەبینرێت هەروەها لە یەمەن و وولاتانی کەنداوی عەرەبی و لە میصر و لە شام و لەئەفریقا و لە ئەوروپا و لە ئەمریکا لە هندستان و لە پاکستان و لە

وولاتانی تری سەرجەم جیهان کۆمەڵ و جەماعەت و ناوەند و ڕێکخراو ئیسلامیەکان زۆرن کە بانگەواز بۆ هەق وڕاستی و قورئان وسوننەت دەکەن، وموژدەی خێری پێ دەدەن بە خەڵکی و ئاگاداریان دەکەنەوە لە سەرپێچ کردنی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ( صلى الله عليه وسلم )، لەبەر ئەوە واجبە لەسەر هەر کەسێك ولەهەر جێگایەك هەیە کە بەدوای هەق وڕاستیدا دەگەڕێت دەبێت بە شوێن ئەو کۆمەڵ و جەماعە ئیسلامیانەدا بگەڕێت، هەر کاتێك کۆمەڵێك یان ناوەندێك یان ڕێکخراوێکی ئیسلامی بینی کە بانگەواز بۆ قورئان وسوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه سولم ) دەکەن با شوێنیان بکەوێت وپابەند بێت پێیانەوە، وەك کۆمەڵێ ( أنصار السنة ) لە میصر و لە سودان، وڕێکخراوی ( أهل الحديث ) لە پاکستان وهندستان، و جگە لەمانیش کۆمەڵ و جەماعەی تر هەن کە بانگەوازی خەڵکی دەکەن بۆلای قورئان وسوننەت، و ئیخلاصی پەرستن و عیبادەت بۆ خوای گەورە بەتاك و تەنهایی، نەك بانگەواز بۆلای غەیری خوا وەك ئەو کەسانەی کە خەریکی پەرستنی گۆڕ و کەسانێکن جگە لەخوای گەورە وپەروەردگار .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام، ئەوانیش لە [ كتاب مجموع فتاوى ومقالات متنوعة لسماحة الشيخ العلامة عبد العزيز بن عبد الله بن باز رحمه الله . م/٨ ص / ١٧٩ ] وەریان گرتووە .